# خانەقین یان"خانەزبڵ"




(وێنە: گۆڕەپانی زبڵ لەتەنیشت دیواری بەڕێوبەرایەتی شارەوانی خانەقین!)

هەر بەرپرسێك ئازادە لەوەی چەندین ئەرك لە ئەستۆ دەگرێت، بەڵام ئەگەر کورتی هێنا و خەڵکیش لەبەر کورتهێنانەکەی، زیانیان پێگەیشت، نابێ نیگەران بێت-هەڵبەت لەمەشدا ئازادە و دەتوانێ تا ئەو رادەیە کە دەیەوێت، نیگەران و تورە بێت- بەو شێوەیە کە خۆیان بە باشی دەزانن، بەرەنگاری ببنەوە و پێی بڵێن: راوەستە، بەو شێوەیە نا!

دوا دۆزینەوەیی تیوری لە کوردستان سۆسیال دیموکراتییە – یەکێتی، پارتی و حزبەکەی کاك حەمەی حاجی مەحمود خۆیان بە(س.د) دەزانن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم برادەرانە زۆر دادپەروەرن،" سۆسیالیزمییان بۆ خۆیان دابینکردووەو"دیموکراسی" بۆ خەڵك بەجێهێشتووە.

بۆ نموونە دانیشتوانی خانەقین لە بێ ئاوی دەناڵێنن(بەگشتی نزیکەی دوو هەفتەیە مەزرەعە، تۆڵەفرۆش، ئەرکەوزای و ئازادی و لەوانیش خراپتر، شارۆچکەی نەفتخانەیەو گەڕەکی سەرکەوتن ئاوی بێ کلۆر و شەب دەخۆنەوە)، ئاوی خواردنەوەیان پێ ناگات و خەڵك ناچارکراون ئاو بکڕن.

بەڕێوبەرایەتی شارەوانی خانەقی خۆی بە خاوەنی شارەکە نازانێ، بۆیە زبڵ شارەکەی گرتووەتەوەو دەتوانین بە"دڵفراوانییەوە"، خانەقین ناوبنێن (خانەزبڵ). لە خانەزبڵ، نەخۆشخانە هەیە، بەڵام زۆربەی نەخۆشەکانی بۆ نەخۆشخانەی کەلارو سلیمانی رەوانە دەکرێن و دەبێ کەسوکارەکانیان

خەرجی گەیاندنیان بدەن یا دەبێ دەرمان و ئۆکسجین لە دەرمانخانەو لەلای لەحیمچییەکان بکڕن؛ کتێبخانەکە نۆژەنکراوەتەوە، بەڵام کتێبی نوێی بۆ نانێرن و قوتابییەکانی زانکۆ سەرچاوەیان دەست ناکەوێت بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەکانیان- تا ئێستا دوو قوتابی داوای کتێب و سەرچاوەیان لە خۆم کردووە!

بە شێوەیەکی فەرمی حکومەت لە(خانەزبڵ) هەیە، بەڵام لەبەر بێخاوەنی لە قائیمقامییەتەوە بەڕێوە ناچێت- قائیمقامێك لە گیرفانی خۆی خەرجی چای مێوانەکانی بدا، دەتوانێ کار بۆ شارێك بکا؟!-، بەڵکو لە لایەن ڕێکخراوێکەوە پێدەڵێن(مەرسی کۆر- لەراستیدا مێرسی کۆر نییە و دوو چاوی ساغی هەیەو ناوەکەی مێرسی کۆرپ-ە) بەرێوەدەچێ. ئەم ڕێکخراوە، قوتابخانە، پرۆژەی ئاو، ڕێگاوبان و نەخۆشخانە بۆ شارەکەو ئاواییەکانی درووست کردووەو دەکا، وەك بڵێی سەردەمی ڕەوەکەیەو حکومەتی کوردستان(لەسەر ساجی عەلی)یە، بۆیە پێویستیمان بە ڕێکخراوێکی خێرخوازە- چ سەرشۆڕییەکە لە شارەکانی سلیمانی، هەولێر و دهۆك، ملیاردێر و ملیونێرە تەلارنشینەکان لە زیادبووندا بێ و خانەقین وەك سواڵکەر مامەڵە بکرێ!

بەرپرسەکانی خانەقین جێگای سەرسوڕمانن، چونکە بە ئاشکرا دەستیان کورتکراوەو ناتوانن بەشێوەیەکی گەنجاو کار بۆ شارەکە بکەن، کەچی لەکارەکانیشیان دەست ناکێشنەوە-بەڕاستی دەسەڵات و پارەو پوول ڤیزەوەنن و مرۆڤ سووك دەکەن-.

دانیشتوانی شارەکە گلەیی و کازندەی خۆیان ئاراستەی بەرپرسەکانی دەکەن، بەڵام لەراستیدا ئەم"بەدبەختانە" بەبێ ئەوەی پاساویان بۆ بهێنمەوە، بەرپرسی پرۆتۆکۆلین و ڕاستەوخۆ گوناهێکی ئەوتۆیان نییە، چونکە بەرپرسەکانی فایلی خانەقین خەتابارن، ئەمانە توانای دارایی و تەکنیکی پێویستیان نەخستووەتە خزمەتیان-بەڕێوبەرایەتی کارەبا نەبێت- تا ئەمانیش بتوانن کارێك بۆ شارەکە بکەن. بە هۆی "بازاڕی ئازادی" لیبڕالیستە سۆسیال دیموکراتە گۆنزەرفاتیفە چەپ مەدەنییەکان(!!)، زۆر کەس و خێزان گەرچی2-3موچە وەردەگرن، بەڵام لەسەر قەرزو بە گیرفانی شڕ ڕۆژیان بەسەر دەبەن و لەبەردەم منداڵەکانیان ڕەنگ زەرد دەبن، تەنانەت مامۆستاکانیش لەم ڕەنگ زەردییە بێ بەش نەکراون-ئیمڕۆ 7/6/وهێشتا مووچەکانیان وەرنەگرتووە(خۆشگوزەرانی ساختە).

ئەوەی خۆی بە بەرپرسی یەکەمی ئەم شارە دەزانێ، دەبێ بەدوای داخوازی دانیشتوانەکەیەوە بێت و لانی کەمی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان پڕبکەن و نەختێك کەمتر درووشمی پانوپۆڕ بەکاربهێنن، چونکە عیبرەت لە بەکارهێنانی درووشمی دیموکراسی، مەدەنییەت و مافی مرۆڤ...هتد نییەو کەس داوای دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریای باڵا بەرزی نەکردووە"سەردەمەکەی بەسەر چووەو ئێستا سەردەمی دیکتاتۆرییەتی سەرمایەدارە بەرێزەکانە". خەڵك داوای: ئاو، دەرمان، خانوو، شەقام و کار دەکەن

و"خراپ نییه" ئەگەر لیژنەی رەقابەتی ئابووری لەدژی بازاڕێکی زۆر گران، بێ ویژدان و کەرامەت شکێن، دابمەزرێنن.

ئەگەر لەبەر کارو ئەرکی زۆرتان، ناتوانن فریای خانەقین بکەون و لە نزیکەوە ئاگاتان لە"ژانی گەل"نییە و برینەکانیان پێ سارێژ ناکرێ، مەلەفەکەی بە کەسێکی جێگای متمانەی خۆتان بێت، بدەن و توانای ماددی و تەکنیکی بخەنە خزمەتی، بەبێ ئەوەی لە پلەوپایەتان کەم بکرێت و (الحليم تكفيه الاشاره)!!

سەلام عەبدوڵا
07701929872
dwaroj@yahoo.de